گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# کاریگەری هۆکارەکانی گواستنەوە لەسەر پیسبوونی ژاوەژاو لەشاری کۆیە

م.ی. هۆشمند جوهر عباس
زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین, هەولێر, هەرێمی کوردستان، عێراق
hoshmand.abbas@su.edu.krd

پ.ی.د. سیروان عارەب سادق
زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین, هەولێر, هەرێمی کوردستان، عێراق
serwan.sadiq@su.edu.krd

پ.ی.د. عبدالحمید عبدالله
زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین, هەولێر, هەرێمی کوردستان، عێراق
hamed.salih@su.edu.krd

م.ی. سەنگەر احمد حسێن
زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین, هەولێر, هەرێمی کوردستان، عێراق
sangar.hussein@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

بەرواری توێژینەوە:
وەرگرتن:٢٠٢٠/١٠/٢٢
پەسەندکردن:٢٠٢٠/١٢/٣
بڵاو کردنەوە:زستانی ٢٠٢١

## پوختە

ئامرازەکانی گواستنەوە بەهەموو جۆرەکانی بە گرنگترین و ترسناکترین سەرچاوەی (ژاوەژاو) دادەنرێن چونکە لەلایەك بە بەرزترین رێژە بەشداری دەکەن لە دروستکردنی (ژاوەژاو) و لەلایەکی تر کاریگەریان لەسەر ژمارەیەکی زۆر لەدانیشتوان هەیە کە لەشارەکاندا دەژین. ئەمە جگە لە کاریگەریی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ووشە سەرەکییەکان
*Environmental pollution, sound level, The decibel unit, division of noise times, The effect of noise pollution*

Doi:
10.25212/lfu.qzj.6.1.2

ڕاستەوخۆی لەسەر ئارامی و هاوسەنگیی باری ژیانی مرۆڤ هەیە چونکە دەنگی ناسروشتی دیاردەی ژاوەژاوی(noise) لێ دەکەوێتەوە, ئەم دیاردەیەش دەبێتە هۆی بێزاری مرۆڤ و تێکدانی باری دەروونی و تێکچوونی ئارامی دەوروبەری

کێشەی توێژینەوە بریتییە لە ئاستی پیسبوون بە ژاوەژاو لەناوچەکەدا، کە بەهۆی چەندین فاکتەری بینراوە و نەبینراوەوە دروست بوون، کە پێویستە بخرێتەڕوو و ئاماژەیان بۆ بکرێت، کە چارەسەرکردنیان بەشێوەیەکی زانستی و پراکتیکی گرنگی بۆ ناوچەکە هەیە.

ئامانجی سەرەکی توێژینەوە بریتییە لە: کاریگەری هۆکارەکانی پیسبوون بە ژاوەژاوە لە شاری کۆیە و دەست نیشان کردنی کاریگەریەکانی ئەو پیس بوونە و دواتر دەست نیشان کردنی گونجاوترین چارەسەر. هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری خەڵك بۆ پاراستنی ژینگەو گرتنەبەری رێوشوێنەکانی، و کەمکردنەوەی پیسبوون بە ژاوەژاو دەرخستنی هۆکارەکانی ئەم پیسبوونە.

پلانی توێژینەوە:

ئامانجی لێکۆڵینەوە وا دەخوازێت لێکۆڵینەوەکە دابەش بکرێت بۆ سێ بەش: بەشی یەکەم ئاماژە بە چوارچێوەی تێوی ناساندنی ناوچەی لێکۆلینەوە، باسی یەکەم: باسی چەمک و زاراوەکان، باسی دووەم گرنگترین سەرچاوەکانی پیسبوونی ژاوەژاو:باسی سێیەم ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە). لەبەشی دووەمدا هەڵساوین ئەنجامدانی شیکردنەوەی دابەشبوونی کاتەکانی ژاوەژاو و هۆکارەکانی دروستبوونی لەشاری کۆیە): باسی یەکەم(دابەشبوونی شوێنی ژاوەژاو)، باسی دووەم(دابەشبوونی کاتی ژاوەژاو)،باسی سێیەم هۆکارەکانی دروست بوونی ژاوەژاو لەبەشی سێیەم تیشك خراوەتە سەر ئاسەوار و ڕێگاچارەسەریەکانی ژاوەژاو): باسی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یەکەم ئاسەواری ژاوەژاو، باسی دووەم رێگا چارەسەریەکانی ژاوەژاو.

## پێشەکی

پیسبوون بە ژاوەژاو بەیەکێك لەکێشە ژینگەییەکان دادەنرێت، لە رۆژگاری ئەمڕۆ، چونکە پەیوەندی راستەوخۆی بەژیانی مرۆڤەوە هەیە، لەبەر ئەوە زۆربەی چالاکیە مرۆییەکان سەرچاوەی دروست بوونی ژاوەژاون.

پیس بوون بە ژاوەژاو، جۆرێکە لە جۆرەکانی پیسبوونی فیزیایی بە هۆی ئەو دەنگانەی کە ناڕێك و بەرزن و خوازراو نین، کە دەبێتە هۆی زیان گەیاندن و بێزار بوون کە دووچاری کەسێك دەبێت. پیسبوون بەژاوەژاو وەک جۆرەکانی تری پیسبوون کێشەو گرفتی دەروونی و جەستەیی بۆ مرۆڤ دروست دەکەن، شاری کۆیەش بێگومان بێبەش نیە لەم جۆرە پیسبوونانە.

سەرچاوەکانی پیس بوونی ژاوەژاو وەکو بەکارهێنانی گواستنەوە ئۆتۆمبێل،شەمەندەفەر، کەشتی، مترۆ، فرۆکە، ماتۆرسکێل، کارگە پیشەسازییەکان ئامێرەکانی ماڵا، مۆلیدە.. سەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە ئەوا ئۆتۆمبێڵ بەهەموو جۆرەکانیان وەردەگرین بەنموونە کەسەرچاوەی سەرەکی دروست بوونی قەرەباڵغی، لێکەوتنەوەی ژاوەژاون.

## گرنگی لێکۆڵینەوە:

پیسبوون بە ژاوەژاو گرنگیو بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە پیسبون بە ژاوەژاو پەیوندی راستەوخۆی بە ژیانی مرۆڤ هەیە،و هەر بۆیە گرینگی لێکۆڵینەوەکە لەوە دەردەکەوێت کە چالاکی هاتووچۆ لە شاری کۆیەدا،چالاکیەکی سەرەکیە، گرینگیەکە لەوەدایە، کە توانیویەتی زیادەیەك لەڕووی چارەسەرکردنی کێشە ژینگەییەوە بەدی بهێنێت کە ئەویش لەبواری پیسبوون بە ژاوەژاوە لە ڕێگەی ئەنجامدانی کاری مەیدانی و جێبەجێکارییەوە ئەنجامدراوە پاشان خستنە رووی کێشەکانی ئەو چاڵاکیە دواتر دۆزینەوەی رێگا چارەی گونجاو.

## گریمانەی لێکۆڵینەوە:

1.ئایا کێشەی پیسبوون بە ژاوەژاو لەناوچەکەدا هەیە و مەترسی دروست کردووە لەسەر ناوچەکەو دانیشوان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2.ئایا ئاستەکانی پیسبوون بە ژاوەژاو ئاستی ستانداردی رێکخراوی تەندروستی جیهانیان تێپەراندووە
3. کاتی بەیانی و نیوەرۆ(رۆژ) ژاوەژاو زیاترە، لەکاتی شەوان.
4. سەنتەری بازرگانی ژاوەژاوی زیاتر وەک لەسەنتەری نیشتەجێ بوون

## کێشەی لێکۆڵینەوە:

بریتییە لە ئاستی پیسبوون بە ژاوەژاو لەناوچەکەدا، کە بەهۆی چەندین فاکتەری بینراوە و نەبینراوەوە دروست بوون، کە پێویستە بخرێتەڕوو و ئاماژەیان بۆ بکرێت، کە چارەسەرکردنیان بەشێوەیەکی زانستی و پراکتیکی گرنگی بۆ ناوچەکە هەیە.

## ئامانجی لێکۆڵینەوە:

ئامانجی لەم لێکۆڵینەوە بریتییە لە: کاریگەری هۆکارەکانی پیسبوون بە ژاوەژاوە لە شاری کۆیە و دەست نیشان کردنی کاریگەریەکانی ئەو پیسبوونە و دواتر دەست نیشان کردنی گونجاوترین چارەسەر. هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری خەڵك بۆ پاراستنی ژینگەو گرتنەبەری رێوشوێنەکانی، و کەمکردنەوەی پیسبوون بە ژاوەژاو دەرخستنی هۆکارەکانی ئەم پیسبوونە.

## میتۆدی لێکۆڵینەوە:

لە لێکۆڵینەوەکەدا پشتمان بە رێبازی (ئستقرائی) بەستووە، کە بە ووردەکاریەکان دەست پێدەکات و بە گشتیش کۆتایی دێت، وەکو رێبازێکی سەرەکی، پشتمان بە رێبازی وەسفی بەستووە بۆ زانینی بارودۆخی بەرجەستەی چەمك و زارەوەکان لە شاری کۆیەدا، لەگەڵ پەیرەوکردنی شێوازی شیکردنەوەی بەراوردکاری بۆ دەستنیشانکردنی جیاوازییەکانی دابەشبوون هەروەها بەکارهێنانی ڕێگای شیکردنەوەی شوێنیی بۆ زانینی سروشتی دابەشبوونیان.

## سنوری لێکۆڵینەوە:

دابەشکراوە بۆ دووبەش:
١. سنوری کاتی(تەنها ساڵی 2019وەرگیراوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٢. سنوری شوێنی(سەنتەری شاری کۆیە).

## پلانی لێکۆڵینەوە:

ئامانجی لێکۆڵینەوە وا دەخوازێت لێکۆڵینەوەکە دابەش بکرێت بۆ سێ بەش: بەشی یەکەم ئاماژە بە چوارچێوەی تێوی ناساندنی ناوچەی لێکۆلینەوە، باسی یەکەم: باسی چەمک و زاراوەکان، باسی دووەم گرنگترین سەرچاوەکانی پیسبوونی ژاوەژاو:باسی سێیەم ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە). لەبەشی دووەمدا هەڵساوین ئەنجامدانی شیکردنەوەی دابەشبوونی کاتەکانی ژاوەژاو و هۆکارەکانی دروستبوونی لەشاری کۆیە): باسی یەکەم(دابەشبوونی شوێنی ژاوەژاو)، باسی دووەم(دابەشبوونی کاتی ژاوەژاو)،باسی سێیەم هۆکارەکانی دروست بوونی ژاوەژاو لەبەشی سێیەم تیشك خراوەتە سەر ئاسەوار و رێگاچارەسەریەکانی،
باسی یەکەم ئاسەواری ژاوەژاو، باسی دووەم رێگا چارەسەریەکانی ژاوەژاو.

## 1 چوارچێوەی تێوی ناساندنی ناوچەی لێکۆلینەوە

### 1-1 چەمك و زاراوەکان:

لێکۆلینەوە و ناساندنی هەر چەمکێکی زانستی گرنگی و تایبەت مەندێتی خۆی هەیە،هەر بۆیە ئەم بەشەی توێژینەوەیە تەرخانکراوە بۆ ناساندنی چەمك زاراوە بەکارهاتووەکان ، هەروەها گرنگترین جۆرەکانی پیسبوون، بەشێوەیەکی زانستیانە بخەینە روو:

ژینگە پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە لەلایەن شارەزایان و وڵاتان و ڕێکخراوە ژینگەییەکانەوە، بڵاوترینیان ئەوەیە کە پیسبوونی ژینگە بەواتای فڕیدانی پاشماوە و پاشەڕۆکانە کە دەبێتە هۆی تێکدانی جوانی و خاوێنی ژینگە. فەرهەنگی زاراوە جوگرافیەکان کە لە نوسینی کۆمەڵێك لە پسپۆرانی بەریتانیە و بە چەندین زمان بڵاوکراوەتەوە " ژینگە " ی بەم شێوە پێناسە کردووە: " ژینگە " بریتیە لەو بارودۆخەی کە بونەوەرە زیندووەکان تێیدا دەژین و گەشە دەکەن . ئەو بارودۆخە هەموو ئەو هۆکارانە دەگرێتەوە کە کار دەکەنە سەر گەشەکردنی ژیان و دەستنیشانی سیما و گۆڕانکاریەکانی دەکەن (نقشبەندي،2017،لا11)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پیسبوون: بریتیە لە روودانی گۆڕانکاری لە سیماکانی ژینگە کە بەشێوەی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ زیان بە بوونەوەرە زیندووەکان و دەزگا دروستکراوەکان دەگەیەنێت و کاردەکاتە سەرهەڵسوکەوتی ژیانی ئاسایی مرۆڤ.

( نقشبەندی ،2017،لا154)

پیسکەر: ئەمە دەستەواژەیەکە بۆ بکەری پیس بووەکە بەکاردێت، کاتێ دەبێتە هۆی تێکدانی سیستەمی ژینگە، کە شێوازی ئاسایی دەگۆڕێ بۆ شێوازێکی نائاسایی. (الحسن، 2011، ص68)

پیسبوونی ژینگە: بریتیە لە گۆڕانکاری و تێکدانی سیستەمی ژینگە بەشێوەیەك کە ئەو سیستەمە تووشی ئیفلیجی بکات و توانای نەمێنێت، بە ڕۆڵی سروشتی خۆی هەڵسێت و لەڕێگای کردارە سروشتیەکانەوە خۆی پاك بکاتەوە لە تەنە پیسەکان.( سعود،2007، ص، 56)

پیس بوون بە دەنگ: (Noise Pollution) بریتیە لە دەنگێکی نەویستراو یان ناسراوە بەپیسبوونی بیستن لە دەرەنجامی بەرزی پەستانی دەنگەکانەوە دروست دەبێت کاتێک کە دەنگ ئاستی ڕێپێدراو تێدەپەڕێنێت.( جمعة، 2010، ص 122). یاخود پیسبوون بە ژاوەژاو بریتییە لەو دەنگە نەویستراوانەی کە هەڵگری ووزەیەکی زۆرن و کاردەکاتە سەرتوانای زیندەوەران لە جیاکردنەوە دەنگەکاندا و کار لەتوانی بیستن دەکات، یان ئەو دەنگەنەیە کە هیچ ڕێك و پێکێکی و ئاوازێك لە دەنگەکەدا نییە، لە ئینسکلۆپیدیای بەریتانیدا پیسبوون بە ژاوەاو بریتییە لە دەنگێگی نەویستراو هەروەها لە ئینسکلۆپیدیای ئەمریکیدا بریتیە لە دەنگیگی حەز پێنەکراو (الشمري، علي،2009،ص213) بەگشتی دەتوانین بڵێن پیسبوون بە ژاوەژاو پشت دەبەستێت بە توانی گوێی کەسەکان چونکە هەندێك کەس بەرگەی دەنگی بەرزتر دەگرن ئەمەش لە کەسێك بۆ کەسێکی تر جیاوازە. تەنانەت لەهەمان کەسدا بەگوێرەی بارودۆخی دەروونی کەسەکان دەگۆڕێت.  ووشەی ژاوەژاو لە بنەڕەتدا ووشەیەکی لاتینیە لە ووشەی(nau-sea) هاتووە، بەمانای دەنگێکی نەویستراوە، یان ئەو دەنگەی کە دەبێتە هۆی ئازار بەخشین بەمرۆڤ لەرووی جەستەیی و دەروونیەوە بۆ کاتێکی دیاریکراو.( شحاتة ، 2004، ص93- عباس ،2004)،ص 134)

کەواتە دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین، کە ژاوەژاو لەو دەنگەوە دێت کە بێزارکەرە و خۆی لە خۆی دا کێشەیە بە پێچەوانەوە ئەو دەنگانەی سیمایەکی ڕێکوپێک و مۆسیقیان هەیە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەنگەکانیان گونجاون و بێ کێشەن. ئەگەر دەنگ نەبێت مرۆڤ ناتوانێت گەشە بکات یاخود عەقڵی گەشە ناکات و ناتوانێت پەروەردەی مرۆڤ بکەین، واتا دەنگ بایەخی خۆی هەیە لە پێشکەوتنی مرۆڤ و گەشەکردنی دا، بۆنموونە ئەو منداڵانەی کە بەزگماکی کەڕن ئەوا لاڵیش دەبن، چونکە هیچ فێرنابن و نابیستن بۆیە دەنگ پێویست و باشە.
دەنگ دەپێورێت بەیەکەی(دیسیبڵ) Decibel یان (db) کە یەکسانە بە (1-10) , دەیەکی ( بیڵ Bel ) پێوانە دەکرێت و گوێی ئاسایی مرۆڤ ,گەر ناساغ نەبێت, دەتوانێ هەست بەو دەنگانە بکات کە ( بەهێزیان ) لە ( نێوان 00 – 140 ) دیسیبیڵ ( dB) دایە . (هەندێك مرۆڤ , کە توانای بیستنیان زۆر باشە , دەتوانن هەست بەو دەنگانەش بکەن کە بەهێزیان لە ژێر ( 00 ) دیسیبیڵ ( dB ) دایە تا ( - 15) دیسیبیڵ .dB (نقشبەندی، 2017،لا٣١٦)، بەئامێرێک دەپێورێت پێی دەوترێت (سۆنۆمەتر) وێنەی(١)، ئەگەر هاتوو پێوانەی ژاوەژاو لە(30-35)دیسیبڵ زیاتر بوو ئەوا ئەوکاتە بەپیسبوونی ژاوەژاو دادەنرێت وە ئەگەر هاتوو لەم پێوانەیە کەمتر بوو ئەوا بەئاسایی دادەنرێت. هەر دەنگێک پلەی دەنگی(30 - 35)زیاتر بێت ئەوا کاریگەری دەبێت لەسەر خانەکانی مێشك و پەردەکانی گوێی مرۆڤ وە کاریگەری دەروونی بەجێدێڵێت لەسەر مرۆڤەکان وە هۆکارەکانیش جۆراوجۆرن دەگۆڕێت لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر ئەم جۆرە پیسبوونە زیاتر لەو وڵاتانەی جەنجاڵن یاخود وڵاتی دواکەوتون ڕوودەدات. پیسبوونی بیستن یان ژاوەژاو پەیوەندیەکی توندوتۆڵی هەیە بەشارەکان و جێگا پێشکەوتووەکانەوە بە تایبەتیش جێگا پیشەسازیەکان بەهۆی بەربڵاوی بەکارهێنانی ئامێر و هۆکارە نوێیەکانی تەکنەلۆژیا. ئەم جۆرە پیسبوونە پەیوەندیەکی توندوتۆڵی هەیە بە پێشکەوتن و گەشەسەندنەوە کە مرۆڤ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەوڵی بۆ دەدات.(حسین،2001، ص162).

وێنەی(١) ئامێری سۆنۆمەتر



گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

www.google.com.imagenoise

## 2-1-1 هۆکارەکانی جیاکردنەوەی دەنگ لەلایەن هەستی بیستنەوە:

1پلەی دەنگ: ئەمەش ئەو پلەیە کە دەتوانین دەنگ بە گوێرەی پلەکەی جیابکەینەوە بۆ دەنگی بەرز و نزم، پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لەنێوان جوڵەی تەنەکە و پلەی دەنگەکەی هەیەبەجۆرێك هەتا جوڵەی تەنی دروستکەری دەنگەکە زیاتر بێت پلەی دەنگەکە بەرزترە.

2 هێزی دەنگ: ئەم تایبەتمەندیە دەناسرێت بەوەی خاڵی جیاوازی نێوان دەنگە بەهێز و دەنگە لاوازەکانە دەنگەکان بە گوێرەی کاریگەرییان لەسەر ئامێری بیستن جیاوازن، بۆیە بە پێی پری هێزی کاریگەر لەسەر ئامێری بیستن دەنگەکان پۆلین دەکرێت بۆ دەنگی بەهێز و دەنگی لاواز. بەجۆرێك چەهند هۆکارێك کاردەکەنە سەر هێزی دەنگ وەکو ماوەی نێوان ئامرازی بیستن و سەرچاوەی دەنگەکە، تاوەکو ماوەی نێوانیان کەمتر بێت هێزی دەنگ گەورەتر و کاریگەرتر دەبێت، سەبارەت شەپۆلەکانی دەنگ تاوەکو شەپۆلەکانی دەنگەکە بەرزبێت وهێزی دەنگەکە بەرزدە بێت، ئەمە جگە لە ئاراستەی با کە یارمەتی خێرا گوستنەوەی هێزی دەنگ دەدات لە سەرچاوەیەکەوە بۆ گوێگر.

3-جۆری دەنگ: ئامرازی هەستی بیستن لە مرۆڤدا بە جۆرێك دروستکراوە کە دەتوانێت جیاوازی بکات لە جۆری دەنگەکاندا ئەگەر چی لە رووی پلە و هێزەو یەکسان بن، بەڵام سەرچاوەیان جیاواز بێت بۆ نموونە گوێگر دەتوانێت جیاوازی بکات لەنێوان دەنگی ڕەگەزی نێر و مێ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی تۆنی دەنگەکان بە پێی سەرچاوەی دروستکەری دەنگەکە بۆیە دەتوانرێت دەنگەکە بناسرێتەوە هەرچەندە سەرچاوەکەی نەبینرێت.

(بةرزنجي، 2001،لا61 - شحاتة،2004، ص36)

1-1 3 جۆرەکانی پیسبوونی ژینگە: جۆرەکانی پیسبوونی ژینگە جۆراوجۆرن لە رووی چەندیەتی و چۆنیەتیەوە، زانراوە، گرنگترین جۆرەکانی پیسبوونی ژینگە روون بکەینەوە، شێوەی(ا). (سعود 2007، ص57)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شێوەی(1) جۆرەکانی پیسبوونی ژینگە




سەرچاوە: http://www.zhenga.net/zhengapage.php?id=440&type=babat\

لەشێوەی(1)دا بۆمان دەردەکەوێت، کەوا جۆرەکانی پیسبوونی ژینگە جۆراوجۆرن، پیسبوونی ژینگە بەهۆی ژاوەژاو، یەکێکە لە کێشەکانی پیسبوونی ژینگە، بۆیە هەوڵدەدەین تەنها باس لەپیسبوونی ژاوەژاو بکەین، چونکە بابەتی سەرەکی لێکۆڵینەوەمانە .

1-2: گرنگترین سەرچاوەکانی پیسبوونی ژاوەژاو:

دابەش دەبێ بۆ دووبەشی سەرەکی:

A. سەرچاوە سروشتیەکان.

B. سەرچاوە مرۆییەکان.

A. سەرچاوە سروشتیەکان:

### هەورە تریشقە:

ئەم سەرچاوەیە لە سروشتەوە روودەدات، لەئەنجامی بەریەککەوتنی دوو هەوری سارد و گەرم، دەنگێکی بەرز و ترسناك دروست دەكات و دەبێتە هۆی دروست بوونی ژاوەژاو، کە مرۆڤ هەست بە بێزاری دەکات. (شحاتة، 2004، صفحة 93)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەناوچەی لێکۆڵینەوە ئەم دیاردەیە زیاتر لە وەرزی زستان و بەهار روودەدات بەهۆی بوونی ئاسمانی هەوراوی بەڵام ماوەکەی زۆرکورتە کاریگەری زۆری لەسەر مرۆڤ نیە.

2. با: بریتیە لە جولەی هەوا، بە خێراییەکی دیاریکراو تاوەکو خێراییەکەی زیاتر بێ ئاستی ژاوەژاوی زۆرتر دەبێ.

3. تەقینەوەی گرکان: ئەمەش بریتیە لەدیاردەیەکی سروشتی، لەکاتی روودانی ئەم دیاردەیە دەنگێکی بەرز دروست دەبێ، کە بە ژاوەژاو هەژمار دەکرێت، چونکە دەنگەکەی بێزارکەرە، بەجۆرێك ئەم دیاردەیە لەناوچەی لێکۆڵینەوە بەدی ناکرێ.

4. بوومەلەرزە: بریتیە لەجولآنەوەی پلێتی تەکتۆنی، لەکاتی رودانی ژاوەژاو دروست دەکات، ئەم دیاردەیەش لەناوچەی لێکۆڵینەوە بەشێوەیەکی گشتی زۆر دەگمەنە.

لەهەموو ئەوانە دەتوانین بڵێین سەرچاوە سروشتیەکان لەناوچەی لێکۆڵینەوە مەترسیەکی ترسناکی ژاوەژاو دروست ناکەن.

### B. چالاکی مرۆیی:

مرۆڤ بەرپرسی روودانی ئەم چالاکیانەیە کەوا دەبنە هۆی دروست بوونی ژاوەژاو کە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

### 1.ئامرازەکانی گواستنەوە و گەیاندن:

هۆکارەکانی هاتوچۆ ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە لە شارەکان بۆ دروست بوونی ژاوەژاو، ئەمەش لەسەر خێرایی و جۆری سەرچاوەکە دەوەستێ، بەجۆرێک کاریگەری لەسەر تەندروستی مرۆڤ دەکات و دەبێتە هۆی بێزارکردنی، گەر ژاوەژاوەکە لەنێوان(95-105)دیسبل بێ دەبێتە هۆی بێزاری مرۆڤ. (رسول 2010، 249)

لەناوچەی لێکۆڵینەوە زیاتر لەکاتی بەیانیان و ئێواران چالاکی گواستنەوە زیاد دەبێ ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی ژاوەژاو.

ئەوەی تایبەتە بە ئامرازەکانی گواستنەوە وەك سەرچاوەیەکی ژاوەژاو چەند شتێکە: (نەقشبەندی،2017،لا 320)

1. جۆری ئامرازەکانی گواستنەوە کاریگەری لەسەر دروست بوونی ژاوەژاو هەیە، بۆنمونە ئەو ژاوەژاوەی فرۆکەیەك دروستی دەکات جیاوازە لە لۆرییەك.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2. کۆنی و نوێیی، کاریگەری لەسەر ژاوەژاو هەیە تا کۆن بن ژاوەژاو زیاترە.
3. خێرایی ئۆتۆمبێلێك دوو هێندە زیاد بکات ئەوا (9) دیسبل ژاوەژاو زیاتر دروست دەبێ.
4. چڕی و زۆری ژمارەی ئۆتۆمبێل، دەرکەوتووە چڕی ئۆتۆمبێلەکان(2000-4000)بێ لە کاتژمێرێکدا ئاستی ژاوەژاو دەگاتە(90-95) دیسبل.
5. ژاوەژاو لەسەر شەقامە تەسکەکان زیاترە وەك لەشەقامە پانەکان.

2. ژاوەژاو لە کارگەکان
جۆری کارگەکان کاریگەریان لەسەر دروست بوونی ژاوەژاو هەیە، بەجۆرێك تاوەکو کارگەکان کارگەی دەرمان و خۆراك بن ژاوەژاویان کەمترە بەبەراورد بە کارگەکانی شیش و ئاسن و رستن و چنین، وە ئەم ژاوەژاوانە لە دوولاوە کاریگەریان لەسەر تەندروستی مرۆڤ دەبێت ئەوانیش:
ا- زیانی راستەوخۆ کە تووشی کارکەر و فەرمانبەرانی هەمان کارگە دەبێت.
ب-زیانی بۆ ئەو ناوچانە دەبێت کە نزیکن لەم کارگانە.:
3. چالاکیەکانی دروست کردنی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە وەك(باڵەخانە، پرد، شەقام، خانوو...هتد)
4. ئامێرەکانی ناوماڵ وەك(گەسکی کارەبایی، تەلەفزیۆن، رادیۆ، جلشۆر...هتد)
٥. ژاوەژاو کەفرۆشیارە گەڕۆکەکان هۆکارن:
فرۆشیارە گەڕۆکەکان بەهۆی هەندێ رەفتاری هەڵە، وەک لەڕێگاو شەقامەکان دەگەڕێن بەهۆی هاوارکردنەوە ژاوەژاو دروست دەکەن، ئەوانەش (غازفرۆش، سەوزەفرۆش و کۆنەفرۆشەکان...هتد) دەگرێتەوە. (شحاتە، 2004، صفحة ١٠٤)
٦. یانە و کافتریاکان:
شوێنە بازرگانی و یانە و گازینۆکان، دەگرێتەوە، سەردانی کەرانی بەهۆی دەنگی تەلەفزیۆن و ئامێرەکان بێزاردەبن.( غالب ،1981،ص 73)
٧. ئاهەنگ و بۆنەکان
وەک دەف لێدان، سەماعەی دەنگ گەورە لە بۆنەکان، ئاهەنگی بوک گواستنەوە... ئەمانە سەرچاوەن بۆ ژاوەژاو
3-1: ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شاری کۆیە یەکێکە لەشارەکانی باشوری کوردستان، سەر بەپارێزگای هەولێرە، لەو شارە دێرینانەیە کە خاوەنی مێژووەکی پڕ شارستانیە،(سةعيد،2009،لا7) ئەم شارە لە دامێنی زنجیرە شاخەکانی هەیبەت سوڵتان و باواجی هەڵکەوتووە و دەکەوێتە بەشی باشوری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای هەولێرسەبارەت بە شوێنی شاری کۆیە کەوتۆتە باشوری ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر و ناوەڕاستی هەرێمی کوردستانەوە سەبارەت بە پێگەی ئەسترۆنۆمی شاری کۆیە ئەوا کەوتۆتە سەر بازنەی پانی (-36,02)ی باکور وە هێڵی درێژی (-44.37)ی ڕۆژهەڵات . نەخشەی ژمارە(1)

نەخشەی ژمارە(1) شوێنی شاری کۆیە بە گوێرەی پارێزگای هەولێر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




سەرچاوە کاری توێژەران بە پشت بەستن بە: هاشم یاسین حمدامین، و ئەوانی تر، ئەتلەسی هەرێمی کوردستانی عێراق و جیهان، کۆمپانیای تێنوس و بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری، هەولێر، لا 32، 2009.

2- شیکردنەوەی دابەشبوونی کاتەکانی ژاوەژاو و هۆکارەکانی دروستبوونی لەشاری کۆیە

1-2: دابەشبوونی شوێنی ژاوەژاو:

لەم جۆرەیان تەنها سێ ناوچە بەنمونە وەرگیراون، ئەوانیش (سەنتەری بازرگانی(بازاڕ)و ناوەندەکانی خوێندن(زانکۆ و پەیمانگاکان)و سەنتەری نیشتەجێ بوون).

گواستنەوە سەرجەم ئەم هۆکارانە دەگرێتەوە، کەوا مرۆڤ لەناوچەیەکەوە بۆناوچەیەکی تر دەگوازێتەوە، بەڵام لەم توێژینەوەیە هەوڵدراوە تەنها باس

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەگواستنەوەی(ئۆتۆمبێل)بکرێت، چونکە جۆرەکانی وەک(شەمەندەفەر و فڕۆکە و کەشتی) لەناوچەی لێکۆڵینەوە بەدی ناکرێت.

گواستنەوە(ئۆتۆمبێل) لەناوچەی لێکۆڵینەوە پشکی سەرەکی پێکدەهێنن و بەشداری گەورە دەکەن لە دیاردەی پیسبوون بەژاوەژاو، بەتایبەت لە شاری کۆیە بەهۆی زۆری ژمارەی گرد و تۆبۆگرافیای شارەکە هۆکاری یارمەتیدەرە لەبەرزکردنەوەی ئاستی ژاوەژاو، تاوەکو بەرزی و نزمی لەناوچەکەدا زیاتر بێت ئەوا دەرچونی دەنگ لەبزوێنەری ئۆتۆمبێلەکانەوە زیاتر دەبێت، خشتەی(١)

خشتەی(١)ئاستی دەنگی ئۆتۆمبێل بەگوێرەی خێراییەکەی

| خێرایی کم | 30 | 40 | 50 | 60 | 70 | 80 | 90 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاستی دەنگ DB | 51 | 53 | 55 | 57 | 58.5 | 60 | 61.5 |

سونيا ارزروني وارتان و ياسمين نجم عبدالله، تلوث ضوضاء في محافظة البصرة(مصادر،اثارة، معالجتة)،ط1، مطبعة جهود، بصرة، 2001.

کاتێک ئۆتۆمبێلێک بەخێرایی(٦٠کم/کاتژمێرێک) ڕێدەکات ئەوا بڕی(٥٧)دیسبڵ دەنگ لەو ئۆتۆمبێڵەوە دەردەچێت، بێگومان ئەمە تەنها بۆیەک ئۆتۆمبێڵە، بەجۆرێك ئەم ژمارەیە زیاد دەکات بەگوێرەی زۆری ژمارەی ئۆتۆمبێڵەکانی کە بەسەر شەقامەکاندا ڕێدەکەن. هەروەها ڕێگاوبانەکان جارێکی تر کاریگەریان هەیە لەسەر ئاستی دەنگی ئۆتۆمبێڵەکان ئەویش بەوجۆرەی ڕێگە قیرتاو و سافەکان کەمتر دەنگ دەردەکەن لەو ڕێگایانەی کەزبرن و چیمەنتۆن، تەنانەت ئەگەر بڕی کەم بوونەوەی دەنگەکە بەبڕی یەک دیسبڵ بێت لەدەرەنجامدا کاردەکاتە سەر بیرومێشکی ئەوکەسەی لەو ناوەندە ژینگەییەدایە.
بوونی ئۆتۆمبێڵی گەورە لەسەر شەقامە سەرەکیەکانی شاری کۆیە، ئاستی ئەو دەنگەی دەری دەکەن نزیکەی(٩٥)دیسبڵە لەدووری ٦م، هەروەها ئۆتۆمبێڵەکانی فریاکەوتن ١٠٨دیسبڵ، ئۆتۆمبێڵەکانی پۆلیسی هاتوچۆ لەکاتی ووریاکردنەوەی شۆفێرەکاندا ئاستی دەنگیان دەگاتە(٩٥)دیسبڵ.خشتەی(٢)

خشتەی(٢)سنوری ڕێگەپێدراوی بەهێزی دەنگ , لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO

| هێزی ژاوەژاو/دیسبڵ | شوێن |
|---|---|

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | |
|---|---|
| نیشتەجێ بوون | 40-25 |
| فێرکردن(زانکۆ،پەیمانگا..هتد) | 40-30 |
| بازرگانی | 60-30 |

حسين شاكر محمود البحراني , دراسة حقلية عن أهم مصادر الضوضاءفي الأحياء السكنية لمدينتي النجف و الكوفة , مجلة القادسية للعلوم الهندسية . المجلد (2), العدد (4) , 2009 , ص 13 .

١. کاریگەری گواستنەوە لەسەر ژاوەژاو لەسەنتەری بازرگانی:

ناوچەی بازرگانی شاری کۆیە، سەنتەری شارەکە دەگرێتەوە (وێنەی٣)، ئەویش بازاری کۆیەیە، لەلای نەخۆشخانەی شەهید خالید تاوەکو کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی، لەتەواوی ئەم ناوچەیەدا ئاستی دەنگ لەڕۆژدا دەگاتە (87-91)دیسبڵ و لەکاتی شەودا دەگاتە(84-86)دیسبڵ، بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جەنجاڵی هاتووچۆ لەم ناوچەیە، ئەمە جگە لەبوونی چالاکی مرۆڤ لەڕۆژدا زیاترە لەشەو. بۆیە ئاستی ژاوەژاو لەڕۆژدا زیاترە بەبەراورد لەشەو.

وێنەی(٣)

وێنەیەک لەسەنتەری بازرگانی(بازاڕ)



تویژەران: لە١٧-١١-٢٠١٩- کاتژمێر (10)ی بەیانی

2. ژاوەژاو لای زانکۆ و پەیمانگاکان:

ئەم شوێنانە پێویستیان بەهێمنی هەیە،چونکە ناوچەی هەستیارن، تەرکیزی قوتابیەکان کەمدەکاتەوە، بەگوێرەی هەندێک سەرچاوە ماوەی ژاوەژاو بەتایبەت دەنگە کتوپڕەکان تەنها(١)چرکەش بێت، توانای تەرکیزکردن بۆ(١٣)چرکە کەم دەکاتەوە، بۆیە رێکخراوی تەندروستی جیهانی ئاستی(٣٠-٤٠)دیسبڵی دەستنیشانکردووە بۆ ناوەندی خوێنگاکان.


بۆیە لەناوچەی لێکۆڵینەوە بەتایبەت لای هەیبەت سوڵتان کە سەرجەم کۆلێژەکان، لای دەروازەی شارەکە کەسەرجەم پەیمانگاکانی لێیە، ئاستی ژاوەژاو لەم شوێنانە لەکاتی رۆژدا بەتایبەت کاتژمێر(٨-٨٣٠) لەکاتی دەوام ئاستی ژاوەژاو (82-79) دیسبڵە.

٣. ژاوەژاوی ناوچەی نیشتەجێ بوون:

ئەم ناوچەیە رووبەرووی زۆربەی سەرچاوەکانی ژاوەژاو بۆتەوە، بەتایبەتی ئۆتۆمبێل، لەم ناوچەیە ئاستی ژاوەژاو دەگاتە(70-76)دیسبڵ بێگومان ئەمەش ئاستی ستانداردی جیهانی تێپەڕاندووە کە(٣٥-٤٠)دیسبڵ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تیژڕەوی ئۆتۆمبێڵەکان بێگوێدانە یاساکانی هاتووچۆ، بەتایبەتی ئۆتۆمبێڵە گەڕۆکەکان وەک(غازفرۆش و کۆنەفرۆش،....هتد .
سەرچاوە کاری توێژەران بە پشت بەستن بە هاشم یاسین حمدامین، و ئەوانی تر، ئەتلەسی هەرێمی کوردستانی عێراق و جیهان، کۆمپانیای تێنوس و بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری، هەولێر، لا 32، 2009.



گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی (3) دابەشبوونی کاتی پیسبوونی ژاوەژاو لەشاری کۆیە لەرۆژانی ئاسایی

| شوێن | بەیانی کات (8-9) | | | | ئێواران (4-5) | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەرزترین دیسەبڵ | | نزمترین دیسەبڵ | | بەرزترین دیسەبڵ | | نزمترین دیسەبڵ | |
| | 5 خولەك | 10 خولەك | 5 خولەك | 10 خولەك | 5 خولەك | 10 خولەك | 5 خولەك | 10 خولەك |
| بازرگانی | 87 | 91 | 71 | 74 | 84 | 86 | 74 | 75 |
| فێرکاری | 79 | 82 | 66 | 68 | 70 | 72 | 60 | 63 |
| نیشتەجێ | 70 | 76 | 60 | 65 | 71 | 73 | 62 | 66 |

پشووسالی 2019
كاري توێژەران پشت بەستن بە ئامێری پێوانەکردنی ئاستی ژاوەژاو/دیسبڵ

لە سەیرکردنی خشتەی (3) کە تایبەتە بەدابەشبوونی کاتی ژاوەژاو لە شاری کۆیە لە رۆژانی ئاساییدا ، تێبینی ئەوە دەکرێت، کەوا ناوچەی توێژینەوە لەکاتی دەوامی ئاسایی ئاستی ژاوەژاوی بەرزە بەتایبەت لەکاتی بەیانیان و لەسەنتەری بازرگانی ئاستی ژاوەژاوە دەگاتە (87) دیسەبڵ لە (٥خولک)و 91دیسبڵ لە(١٠)خولەک، ئەمەش
بەهۆی چالاکی خەڵک و چونیان بۆسەر کار بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی قەرەباڵغی و ئاستی ژاوەژاو بەرزدەبێتەوە، سەبارەت بە ئێواران دووبارە بەرزترین ئاستی دیسبڵ لە ناوچەی بازرگانی تۆمارکراوە لەماوەی(٥خولەک) (84) دیسەبڵ بووە نزمترین ئاستیشی لەماوەی (٥)خولەک ٧٤ دیسەبڵ بووە، هەروەها ناوچەی فێرکاری بەرزترین دیسەبڵ لە (5) خولەك (79) دیسەبڵ و لەکاتێکدا ناوچەی نیشتەجێبوون (٧٠) دیسەبڵە. لە لایەکی تر نزمترین ئاست لە کاتی ئێواران لە خولەك (5)ناوچەی فێرکارییە و بەرزترین ناوچەی بازرگانییە. سەبارەت بە کاتی رۆژانی پشوو دەتوانین بڵێین جیاوازە لەگەڵ رۆژانی ئاسایی خشتەی(4).

## 1-2-2 دابەشبوونی کاتی ژاوەژاو:

ئەم تەوەرەیە تایبەتە بەکاتی ژاوەژاو لە(بەیانیان و ئێواران)، لەگەڵ کاتی دەوام و پشوو(هەینی و شەممە)، بێگومان جیاوازی لەئاستی ژاوەژاوەکە دەبێت. خشتەی(٤)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی (4) دابەشبوونی کاتی پیسبوونی ژاوەژاو لەشاری کۆیە لەرۆژانی پشووسالی

| شوێن | بەیانی کات (8-9) | | | | ئێواران (4-5) | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەرزترین دیسەبڵ | | نزمترین دیسەبڵ | | بەرزترین دیسەبڵ | | نزمترین دیسەبڵ | |
| | 5 خولەک | 10 خولەک | 5 خولەک | 10 خولەک | 5 خولەک | 10 خولەک | 5 خولەک | 10 خولەک |
| بازرگانی | 81 | 86 | 76 | 80 | 81 | 83 | 74 | 78 |
| فێرکاری | 64 | 68 | 60 | 67 | 67 | 65 | 60 | 65 |
| نیشتەجێ | ٦٨ | ٧3 | 67 | 71 | 70 | 77 | 63 | 67 |

2019

كاري توێژەران پشت بەستن بە ئامێری پێوانەکردنی ئاستی ژاوەژاو دیسەبڵ

بەتێبینی کردن لەم خشتەی سەرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ،کەوا ئاستی ژاوەژاو لەرۆژانی دەوامی پشوو ئاستی ژاوەژاو بەڕێکی بەرچاو دادەبەزێت لەسەرجەم ناوچەکانی بازرگانی و فێرکاری و نیشتەجێ بوون، بێگومان ئەمەش بۆ کەمبوونەوەی چالاکی گواستنەوە دەگەڕێتەوە لەرۆژانی پشوو، جگە لەمەش تێبینی ئەوە دەکرێت نزمترین ئاست لە ناوچەی فێرکاری تۆمارکراوە کە لەماوەی(٥)خولەک لەبەرزترین ئاست تەنها(٦٠) دیسەبڵ تۆمارکراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی دەوام لەم رۆژانە، بۆ ناوچەکانی تریش بەهەمان شێوە....هتد

## 2-2-2 کوالیتی ئاستی ژاوەژاو لەناوەندەکاندا بەگوێرەی رۆژ و شەودا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیەوە ئاماژەی بە ئاستی کوالیتی ناوەندە ژینگەییەکاندا دراوە. بەگوێرەی ئاستی ژاوەژاو و گونجاو و نەگونجاویان بە گوێرەی رۆژ و شەودا، خشتەی 5- 6 خراوەتە ڕوو.

خشتەی (5)

پۆلێنی جۆری ئاستی دەنگ لەماوەی رۆژ و شەو

| کاتی ڕۆژ | | کاتی شەو | |
|---|---|---|---|
| ئاستی دەنك بە دیسبڵ | جۆری دەنك | ئاستی دەنك بە دیسبڵ | جۆری دەنك |
| 30-0 | نایەب | 30-0 | نایەب |
| 40-31 | نایەب | 40-31 | زۆرباش |
| 60-41 | باشە | 50-41 | باشە |
| 75-61 | پەسەند | 65-51 | پەسەند |
| 90-76 | نەشیاو | 75-66 | نەشیاو |
| 110-91 | مەترسیدار | 90-75 | مەترسیدار |
| 111زیاتر | ڕێگەپێنەدراو | 90 زیاتر | ڕێگەپێنەدراو |

کاری توێژەران :پشت بەستن بە لێکۆڵینەوەی مەیدانی

خشتەی (6)

پۆلینی کوالیتی ئاستی دەنگ لەماوەی ڕۆژ و شەودا لەناوچەی توێژینەوە

| شوێنی وەرگرتنی نموونەکان | ئاستی دەنگ بە دیسبڵ لە ڕۆژدا | کوالیتی دەنگ (ڕۆژ) | ئاستی دەنگ بە دیسبڵ لە (شەودا) | کوالیتی دەنگ (شەو) |
|---|---|---|---|---|
| ناوچەی بازرگانی ناوجەرگەی شار | 80 | نەشیاو | 79 | مةترسیدار |
| شوێنی زانکۆ و پەیمانگەکان | 69 | پەسەند | 65 | پەسەند |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| شوێنی نیشتەجێ بوون | 67 | پەسەند | 68 | نەشیاو |

کاری توێژەران پشت بەستن بە کاری مەیدانی

بەسەرنجدان لە دەرئەنجامی لێکدانی ئەو دوو خشتەیەی سەرەوە، بۆمان دەردەکەوێت کەوا ناوچەی شارو بازرگانی بەشێوەیەکی گشتی نەشیاو و مەترسیدارن، هەروەها لەناوچەی نیشتەجێ بوون کوالیتێکی پەسەندیان هەیە بۆ مانەوە و هەندێك كات بەجۆرێك هەندێك شوێن کە نزیکن لە شەقامە سەرەکییەکانەوە تەنها نەشیاون لە رووی کوالێتەوە. سەبارەت بە شوێنی زانکۆ و پەیمانگەکان و کوالیتی ئاستی پیسبوونی تەنها لە ئاستی پەسەند دایە لە کاتەکانی ڕۆژ و شەودا. هەروەها ئاستی دەنگ بە بەراوورد بە ناوچەی بازرگانی و بە دەنگ کەمترە. چونکە هۆکارەکانی گواستنەوە کەمترن

## 3-2-2 پیسبوون بە ژاوەژاو لەسەر بنچینەی ئاستی دەهنگ:

پیسبوون بە ژاوەژاو لەسەر بنچینەی ئاستی دەنگدا، و کاریگەرییەکانی لەسەر تەندروستی مرۆڤ بەم شێوەی لای خوارەوە پۆلین کراوە:

1 – دەنگەدەنگی ئازاربەخش: ئەم جۆرەیان لە کاتێکدا دروست دەبێت کە ئاستی دەنگە دەنگ بگاتە 120 دیسەبڵ، بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی زیانی جەستەیی بەگشتی، لەتەواوی نموونەی وەرگیراو لەناوچەی توێژینەوەدا ئاستەکانی دەنگ ناگاتە ئەم ئاستە، بەڵکو لەم ئاستەدا کەمترە، بەگوێرەی ستانداردی جیهانی دەبێت هەر دەنگێك گەیشتە ئاستی 120 دیسەبڵ ئەوا دەبێت ڕاستەوخۆ ئەو شوێنەیە بەجێ بهێڵرێت. ئەمە جگە لەوەی لە ئاستی 105 دیسەبڵ ئەوا دەبێت لە کاتژمێر کەمتر لەو شوێنەیەدا بمێنینەوە.

2 -دەنگی بێزارکەر- زۆر بێزارکەرن: ئەمەش دەنگانە دەگرێتەوە کەوا ئاستی دەنگە دەنگ لە دەوروبەری 80-120 دیسەبڵە، ئەمەش زیان بە مرۆڤ دەگەیەنێت بەتایەتی دوای مانەوەی لەو شوێنەدا بۆ زیاتر لە (8) کاتژمێردا رۆژانە لە نموونەی وەرگیراوی ناوچەی توێژینەوەدا تەواوی ناوچەی بازرگانی لەکاتی هەبوونی دەوامیی ئاسایی و پشوودا لەم ئاستەی دەنگدان لەنێوان (81-91) دیسەبڵە، واتە لە ئاستی دەنگێکی بێزار کەرن و

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەکاتەکانی بەیانیان و ئێواراندا، هەروەها لەلایەکی تر نمونەی وەرگیراوی ناوچەی فێرکاری لە کاتی هەبوونی دەوامی ئاسایی و لەکاتی بەیانیدا ئاستی دەنگ لەنێوان 82 دیسەبڵە.

3- دەنگە دەنگی مامناوەند بێزارکەرن: ئەمەش کاتێك ئاستی دەنگ لەنێوان 45-80 دیسەبڵە، زیانەکانی کاتی بەردەکەوێت بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ وەك مانگ و ساڵ لەو شوێنەدا بمێنیتەوە بەگشتی ناوچەکانی فێرکاری و بازرگانی لەم ئاستەی دەنگە دەنگدا بە یانیان و ئێواران.

## 4-2-2 ئاستی پیسبوون بە دەنگ بەگوێرەی ماوەی مانەوەی دەست نیشانکراو:

بەگوێرەی ستانداردی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ، بۆ هەموو ئاستەکانی دەنگە دەنگ، دەست نیشانکراو بۆ ماوەی چەندین لەو ناوەندەدا بمێنیتەوە هەتا ئاستی دەنگەکە بەرزتر بێت ئەوا ماوەی مانەوە کەمترە هەروەك لە خشتەی (7) دیارە:

خشتەی (7)

ماوەی مانەوەی دەستنیشانکراو لەو ناوەندانەی کە پیسبوون بە دەنگی تیادایە

| ئاستی دەنگ بە دیسەبڵ | ماوەی مانەوە بە کاتژمێر |
|---|---|
| 85 | 16 |
| 87 | 12 |
| 90 | 8 |
| 92 | 6 |
| 95 | 4 |
| 97 | 3 |
| 100 | 2 |
| 102 | 1.5 |
| 105 | 1 |
| 110 | 0.5 |
| 115 | 0.4کەمتر |

سەرچاوە: حسين شاكر محمود البحراني، دراسة حقلية عن اهم مصادر التلوث الضوضائي في الاحياء السكنية لمدينتي النجف والكوفة، مجلة القادسية للعلوم الهندسية، مجلد2، العدد2009،ص74

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەسەرنجدان لەم خشتەی سەرەوە ماوەی مانەوە دەست نیشانکراوە لە تەواوی ئاستەکانی دەنگە دەنگدا، و لەئەو ناوچانەی کە دەنگەدەنگی بەردەوامی تیادایە، بەجۆرێك لە 85 دیسەبڵ دەست نیشانکراوە تا دەگاتە 115 دیسەبڵ، بەشێوەیەك هەتاکو ئاستی پیسبوونەکە زیاتر بێت ماوەی مانەوە کەمترە چونکە کاریگەرییە زیانبەخشەکانی پیسبوون زیاتر دەبێت، بەگشتی بە گوێرەی ئەو نموونانەی وەرگیراون لەناوچەکاندا، سەبارەت بەناوچەی بازرگانی 71دیسەبڵ نزمترین و 87 بەرزترین دیسەبڵ لەکاتی بەیانی و دەوامی ئاساییدا لە 5 خولەکی ، بەم پێیە تەنها لەکاتی رۆژدا بەرزترین ئاستی تیایدا تۆماردەکرێت کە دەتوانرێت 12 کاتژمێر تێدا بمێنینەوە، لەلایەکی تر بەرزترین لەخولەکی 91 دیسەبڵە ئەمەش دەکرێت دەورووبەری 7 کاتژمێر بمێنینەوە، بەرزترین لەکاتی ئێواران لە 10 خولەکی 86 دیسەبڵە بەوپێیەش دەتوانرێت دەورووبەری 13 کاتژمێر بمێنیەوە،هەروەها سەبارەت کاتی پشوودا، بەرزترین ئاست لە 10 خولەکی لەکاتی بەیانیدایە کەوا 86 دیسەبڵە بەو پێیە دەکرێت 13 کاتژمێر بمێنییەوە.

## 1-2 هۆکارەکانی دروست بوونی ژاوەژاو بەهۆی گواستنەوە:

1. زۆربەی رێگاوبانەکانی ناوچەی چیاکان تەسکن و فراوانیان تێدا کەمەو یەك رێڕەون ئەمەش دەبێتە هۆی ڕودانی روداوی جۆراوجۆر و پێکدادانی ئۆتۆمبێڵ و دروست کردنی ژاوەژاو.
2. زۆری ژمارەی ئۆتومبیڵ بە هەموو جۆرەکانیەوە بە بەراورد لەگەڵ ڕووبەرو شەقامەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە کە بۆتە هۆی دروست کردنی قەرەباڵغی و سەرهەڵدانی ژاوەژاو و لە دەستدانی ئارامی لەلایەن شۆفێرەکاندا بەتایبەت لەکاتی چونیان بۆ سەر کار کاتژمێر(8 تا 9) بەیانیان، کاتی گەرانەوەیان کاتژمێر(2-3) نیوەڕۆ بەگوێرەی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی کۆیە لەساڵی (2019) کۆی گشتی گەیشتە(23000) بە هەموو جۆرەکانیەوە
2. پشتگوێ خستنی یاساکانی هاتووچۆ لەلایەن شۆفێرەکانەوە بەبێ گوێدان بەیاساکانی هاتووچۆ، ئۆتۆمبێڵ لێ دەخورێت شەقامەکان بەکاردەهێنێت بۆ ئەنجامدانی سەرپێچیەکانیان بۆ نموونە لەو شوێنانەی ئاماژەکراوە کە لێدانی (هۆرن) قەدەغەیە لە نزیك نەخۆشخانەو قوتابخانەکان بە پێچەوانەی یاسا دەکات، دەست دەکات بە هۆڕن لێدان.

3. بەکارهێنانی ماتۆرسکی یەکێکە لەهۆکارەکانی دروست بوونی ژاوەژاو لەناوچەی لێکۆڵینەوە زیادبوونی رێژەی ماتۆرسکی بەهۆی کڕین و فرۆشتنی نایاسایی بەبێ گوێ دانە یاسای شوفێری، کەدەبێت ئەو کەسەی شۆفێری ماتۆرسکی دەکات تەمەنی لە سەروی(16) ساڵ بێت، مۆڵەتی لێخوڕینی هەبێت.
4. خێرایی شوفێرەکان لە شەقامەکاندا وای کردووە رێژەی بەربەستی پلاستیکی دابندرێت بۆ کەمکردنەوەی ئەم خێراییە بۆیە ئەمەش بۆتە هۆی دروست بوونی قەرەباڵغی لە زۆربەی شەقامەکاندا.
5. کەمی لقی شەقام لە شەقامە سەرەکییەکان، وە نەبوونی شۆڵدەر لە شەقامەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆتە هۆی دروست بوونی قەرەباڵغی و گرفتی ژاوەژاو.
6. بەکارهێنانی ئامێری ئاگادار کردنەوە لەلایەن تیمە فریاکەوتنەکانەوە (پۆلیس، تەندروستی، هاتووچۆ) بۆتە هۆی دروست کردنی گرفتی ژاوەژاو، دروست کردنی دڵە ڕاوکێ لەلایەن خەڵکیەوە.
7. خراپی تۆڕەکانی رێگاوبان و کۆنی و دابەش بونیان بەبێ پلان بۆتە هۆی دروست بوونی ئەم گرفتە، کەدەبینین ڕێگاکانی ناوشارەکە زۆر کۆن و تەسکن توانای لەخۆگرتنی ئەو ژمارە زۆرەی ئۆتۆمبێلەیان نیەو دەگەڕێنەوە بۆ سەرەتای دروست بوونی شاری کۆیە پرۆژەکانی نۆژەن کردنەوەش باش جێبەجێ ناکرێت ئەم گرفتە زیادی کردووە لەم چەند ساڵەی دوایدا.

## 3 ئاسەوار و رێگاچارەسەریەکانی ژاوەژاو لە شاری کۆیە

### 1-3 ئاسەوارەکانی پیسبوونی ژاوەژاو:

سەرچاوەکانی گواستنەوە پیسبوونی بیستن و بینینی لێدەکەوێتەوە بەتایبەت لە پاص و لۆری و بار هەڵگرەکانی تر ماتۆرسکی و...هتد لەو شتانەی کە زۆر مرۆڤ بێزار دەکات ئەو دەنگە بەرزانەن کە لەم هۆیانەوە دەردەچێت وەك سەرەتایی ئیشکردنی ئۆتۆمبێلەکە، یان کاتی گۆڕینی بگۆڕی خێراییەکەیان لەکاتی ڕاوەستانی لەناکاودا کە دەنگی خشانی تایەکان زۆر تیژ دەبێت یان دەنگی بەرزی ڕادیۆو ڕیکۆردەری ناو ئۆتۆمبێلەکان، یان بەکارهێنانی هۆڕینی ئۆتۆمبێلەکان بەبێ هۆ بەرپرسیەتی ئەم دەنگە بێزارکەرانە لە ئەستۆی شۆفێری

ئۆتۆمۆبێلەكە دایە بۆیە دەبێت پابەندی توندو تۆڵی و سەلامەتی بێت. (عەجورە، 2014، صفحة 186)

هۆیەكانی گواستنەوەی وشكانی، ئۆتۆمبیل بە نموونە هەموو جۆرەكانی ئۆتۆمبێل بەگشتی و تایبەت و گەورەو بچوك و ماتۆرسكی...هتد دەگرێتەوە لە ئێستادا، لەو شارانەی كە ئۆتۆمۆبیل ڕێژەی(75%) ژاوەژاوی تێدا دروست دەكەن هەروەها نزیكەی(60%) دانیشتوانی گەڕەكە نزیكەكان و ئەوانەی نزیك شەقامی هاتووچۆ دەژین بەهۆی كاریگەرە خراپەكانی ژاوەژاوە.

مەترسیەكانی پیسبوون بە دەنگ زۆر و هەمەجۆرن بەگوێرەی كات وشوێن و توانای بەرگەگرتنی كەسەكان جیاوازە. بە گشتی مەترسییەكانی پیسبوون بە ژاوەژاو خۆی لە چەند لایەنێكدا دەبینێتەوە ئەوانیش لایەنی جەستەیی و دەروونییە لەڕووی كاریگەرییەكانی بە كورتی ئاماژەی بۆ دەكەین:

## 1. كاریگەری ژاوەژاو لەسەر هەستی بیستن:

ژاوەژاو كاریگەری نەرێنی و خراپی لەسەر هەستی بیستن هەیە، بیستن یەكێكە لەو پێنج هەستەی كە پەروەردیگار مرۆڤی لە زیندەوەرانی تر پێ جیاكردۆتەوە ، مرۆڤ بەهۆی بیستنەوە زیندەوەرێكی كۆمەڵایەتیە ، هەر كات ئەم هەستە لەدەست بدات ( بەتایبەتی لەو كاتەی هەر لەدایك بێت كەر بێت ) ئەوا لە ڕووی روحی هزریەوە گەشە ناكات ، چونكە هیچ ئامرازێكی پەیوەندی بیستراوی بە جیهانی دەرەوە نیە . ژاوەژاو كاریگەری لەسەر هەستی بیستن هەیە و دەبێتە هۆی تەشویش و لاوازی و لەدەستدانی بەشێوەیەكی كاتی یان هەتا هەتایی ،بەواتایی تر دەبێتە هۆی كوێ گرانی دواتر كەڕ بووون پاش مانەوەی زۆر لەو شوێنانەی دەنگە دەنگیان زۆر تێدایە یان بوونی دەنگێگی بەرزی كتوپر لە سەرووی 140 دیسبلەوە. ) دیسیبیڵ و (ژاوەژاو) دەبێتە چەكێكی كوشندە گەر ئاستی هێزی گەیشتە ( 180 ) دیسیبیڵ (الحسن، 2011، ص163) هەروەها كاریگەری لەسەر هەستی تری مرۆڤەوە هەیە ئەم كاریگەریە پەیوەستە بە تەمەن و باری تەندروستی و هێزی ژاوەژاوەكە و ڕێی وەرگرتنی ژاوەژاوەكە. (حاتوغ و ابو دعاية، 2009،ص241،

2. شترزةبوونی دةروونی:

ژاوەژاو دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی تێکڕای شپرزەبووني دەماری ، هەست کردن بە تەنگژەو بارگرژی بۆ ئەو کەسانەی کە لە ژینگەیەکدا دەژین پیسبوونی بیستن و بینینی تێدایە. (عەجورە، 2014، ص 206

ژاوەژاو کارگەریەکی دەروونی خراپی هەیە لەوانە ، خەموکی و دڵە ڕوکێی و شپرزەبوون کەم خەوی و تورەبوون و ڕەق بوونی ماسولکەکان و پشێوی هزری و ....هتد

لەڕاستی دا ئەمانە پەیوەندیان بە هێزی ژاوەژاو و سەرچاوەی ژاوەژاو و ماوەی ژاوەژاوەوە هەیە، هەروەها باری تەندروستی ئەو مرۆڤەی توشی ژاوەژاو دەبێت. (سولەیمان، 2013، ص 266

ژاوەژاو کاریگەریەکی خراپی هەیە لەسەر دەروونی مرۆڤ بەتایبەتی فەرمانبەران و کرێکاران و مامۆستایان...هتد، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەتوانن کارەکانیان بە باشی ئەنجام بدەن لەسەر کارەکانیان، تەنانەت دوای گەڕانەوەشیان بۆ ماڵەوە بۆ ماوەیەکی درێژ دەرونیان هەر لە دۆخی پێشوو دایە. (الفرحان، 1991 ، ص 282

ناوچەی لێکۆڵینەوە توشی ئەم جۆرە بارودۆخە بۆتەوە، چونکە زۆربەی دام و دەزگاکان تەنانەت نەخۆشخانەکانیش لەسەر شەقامە سەرەکیەکانن، ئەمەش وای کردووە توشی ژاوەژاو ببن

## ٣- کاریگەری ژاواژاو لەسەر باری تەندروستی مرۆڤ:

ژاوەژاو کاریگەری تەندروستی و جەستەیی جۆراوجۆر لەسەر مرۆڤ بەجێدەهێڵێت دەبێتە هۆی ڕودانی گۆرانکاریە فسیۆلۆجیەکانی، مرۆڤ نمونە گرژبوونەوەی خوێنبەرەکان مولوولەی خوێن، زیادبوونی پاڵەپەستۆی خوێن، زیادبوونی لێدانی دڵ و خێراکردنی هەناسەدان و گرژبوونەوەی ماسولکەکان و کرداری هەرس کردن دەوەستێنت و دەبێتە هۆی دەردانی هەندێ شلەمەنیەکانی گەدە، کاری گوێ و لووت چالاك نابێت هەندێ لە هۆرمۆنات دەردەدەن هەندێك لە کارەکانی مێشك باش ئەنجام نادەن و پشێوی دروست دەبێت ئەمەش وادەکات ئارەزووی بۆ خواردن کەم بێتەوە توانای وردبوونەوە و تەرکیزکردنی کەم بێتەوە. ( نەقشبەندی،2017، ص346)

## 4. کاریگەری لەسەر کەم کردنەوەی توانای بەرهەم هینان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ژاوەژاو کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر تواناو لێهاتووی مرۆڤ لە کارکردن دا ژاوەژاو وات لێدەکات هەڵە بکات و توانای ورد بوونەوەی نەبێت لە کارەکانی دا و کاریگەری هەیە لەسەر کەم بوونەوەی بەرهەم هێنان و دابەزینی دەبێتە هۆی ڕوودانی کارەساتی گەورە، بەردەوام بوونی ژاوەژاو دەبێتە هۆی دابەزینی توانای بەرهەم هێنان بەڕێژەی(20-60%) لە شوێنی کارکردن. جگە لەمە کاریگەری هەیە لەسەر گیانەوەر و ڕووەك و بێگومان وادەکات بەرهەمیان کەم بێتەوە لە شیرو گۆشت و هێلکە. (مرسی، 2012 ، ص 127)

### 5. ئاسةوارةكانى تر

ژاوەژاو دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی توانای وەرگرتن لەقوتابیانی زانکۆ و پەیمانگاکان و خوێندنگاکان، زیادبوونی ڕێژەی تەمبەڵی و توانای وەرگرتن و خاوبوونەوەیان لەکاتی وانە وتندا کەم کردنەوەی توانای شارەزاییان لە خوێندندا.

جگە لەمە دەبێتە هۆی زیادکردنی ڕووداوەکانی سەرشەقام پێکدادانی ئۆتۆمۆبێل و زیادکردنی تاوان و پشێوی نانەوە وە زیادکردنی دڵە ڕاوکێ(صدمە) زۆرترین ئەو کەسانەی دڵە ڕوکێیان هەیە ئەو کەسانەن کە حەساسیەیان بە ژاوەژاو و دەنگی بەرز هەیە. (مرسی، 2012 ، صفحە 12)

بەشێوەیەکی گشتی ئاستەکانی ژاوەژاو بەگوێرەی بەرزی پەستانی دەنگەکە ئەم کاریگەرییانەی هەیە

٤٠-٥٠ دیسەبڵ کاریگەرییەکانی بریتیە لەڕاڕایی و دوودڵی و هەست کردن بە ماندوێتی دەروونی.

٥٠-٨٠ دیسەبڵ کاریگەری خراپی لەسەر کۆئەندامی دەمار هەیە دەبێتە هۆی سەر ئێشە و کەم توانایی لەکارکردن و بینینی خەوی ناخۆش.

٨٠-١٢٠ دیسەبڵ دابەزینی ئاستی بیستن، کار لەکۆئەندانی دڵ و دەمار دەکات.

١٣٠ دیسەبڵ زیاتر گوێ ئێشەی بەردەوام و کاردانەوەی ترسناکی لەسەر دڵی مرۆڤ دەبێت کار لەتوانای بیستن و جیاکردنەوەی دەنگەکان و ئاراستەی دەنگەکان دەکات.

بەو پێیە لە تەواوی ناوچەکانی ئێمە کە نموونەکانی تیادا وەرگیراوە، کەمترین ئاست ( 65) دیسەبڵ لەناوچەی فێرکاری و بەرزترین ئاست (80) دیسەبڵ لە ناوچەی بازرگانی. واتە لە کەمترین کاریگەرییەوە لەسەر هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا هەیەتی هەتا دەگاتە کاریگەرییەکانی لەسەر چالاکیەکانی دڵ و دەمار.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2-3 ڕێگاکانی کەم کردنەو ە و چارەسەرکردنی پیسبوونی ژاوەژاو:

رێ و شوێنەکان بۆ کەمکردنەوەی ژاوەژاو زۆر و هەمە جۆرن بەگوێرەی شوێن و ناوچەکان و سەرچاوەکانی ژاوەژاوکە جیاوازن. هەندێك لەو ڕێگایانە دەتوانرێت راستەوخۆ کۆنترۆڵ بکرێت یاخود سەرچاوەی ژاوەژاوەکەی کەمبکریتەوە، وەك ئەو دەنگانەی لە رووبەرێکی بچووکدا دروست دەبن و، بەڵام هەندێك دەنگی تر لە ڕووبەرێکی فراوانتر بڵاودەبێتەوە، ئەم جۆرەیان کۆنترۆڵ کردنی کارێکی تارادەیەك گرانە. لەم سەردەمە ناتواندرێت بە ڕەهای ڕێژەی ژاوەژاو لەناو ببرێت بەڵام هەوڵەکان بەردەوامە لە پێناوی کەمکردنەوەی ژاوەژاو، بەمەبەستی کەم کردنەوەی کاریگەری نەرێنی لەسەر ژینگە و مرۆڤ. هەنگاوەکان بە گرتنەبەری ڕێگای ئەندازیاری و تەکنیکی و ڕێکخستن و پەروەردەی و کارگێری و یاسایی ...هتد بەم پێیە ئەم ڕێ و شوێنانە دەتوانرێت بگیرێتەبەر بۆ کەمکردنەوەی ئاستی پیسبوون بە ژاوەژاو:

١- ڕێکخستنی هاتووچۆ چاودێری کردنی کاری بزوێنەری ئۆتۆمۆبێلەکان و باشتر کردنی چۆنیەتی کارکردنیان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە .

٢- فراوان کردنی شەقامەکان و ڕێکخستنیان بەگوێرەی توانای ئۆتۆمۆبێلەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

٣- دانان و دەرکردنی یاسایی تایبەت بە ژینگە و پیسبوون بە ژاوەژاو جێبەجێ کردنی بەسەر هەمووواندا. (سولەیمان، 2013، الصفحات 268-269)

٤- ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە هۆشیارکردنەوەی خەڵك، بەمەبەستی ڕونکردنەوەی مەترسیەکانی ژاوەژاو لەسەر تەندروستی مرۆڤ وە ئاسەوارە نێگەتیڤەکانی لەسەر لایەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی و فێرکردن، ئەمە جگە لەڕۆژنامەو ڕادیۆ و گۆڤارەکان ڕۆڵی گەورە بگێرن لە هۆشیار کردنەوەی خەڵك .

٥- زۆرکردنی ڕووبەري سەوزایی وە چاندنی زۆرترین پڕ لە ڕووەکە سەوزەکان چونکە ڕەنگی سەوز ئاسودەیی و ئارامی و هێمنی دەبەخشێتە دەروونی مرۆڤ

6 قوتابخانەکان، نەخۆشخانەکان دوور بن لە شەقامە سەرەکییەکان لەلایەك، و هەروەها چواردەوریان دەورا بدرێت بە سەوزایی بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی ژاوەژاو

7 گۆڕینی یەکەکانی نیشتەجێبوونی نزیك شەقامە سەرەکیەکان بۆ یەکەی بازرگانی و سەوزایی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

8. ڕەچاوکردنی ئاراستەی (با) بۆ ئەو شوێنانەی کە نزیکن لە سەرچاوەی دەنگەدەنگەوە بە جۆرێك بێت کە ئاراستەی بایەکان پێچەوانەی ئاراستەی شەپۆلی دەنگ بن کە دەگاتە لای گوێگر .
9. رووپۆشکردنی باڵاخانەی ناوچەی بازرگانی و یەکەکانی نیشتەجێ بوون بەو کەرەسانەی کە ژاوەژاو کەم دەکەنەوە (PVC).
10. بەکارهێنانی ڕووپۆشی سەوزایی بەجۆرێك ڕوەکەکان دەتوانن پڕێك لە ژاوەژاو گلبدەنەوە بە پێی جۆر و بەرزی و چڕی و شوێنی ڕواندنیان ، چاندنی درەخت بە پانایی 30م تا 100م دەتوانێت پڕی 7-21 دیسبل لە دەنگ کەم بکاتەوە ، لە کاتێکدا کە ڕووەك توانای کەمکردنەوەی دەنگی دەگۆڕێت بۆ نموونە لە دەنگی بەرزدا کاریگەری زیاترە بۆ کەمکردنەوە 50% کەمدەبێتەوە لە کاتێکدا ئەگەر لە 45 دیسبڵ زیاتر بێت ئەوا ڕۆوەکەکان دەتوانن بیگۆڕن بۆ کەمتر لە 25دیسبل، ئەمەش بۆ توانای درەختەکان دەگەڕێتەوە لە شکاندنەوە و مژینی شەپۆلەکانی دەنگدا . لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان دەرخستوە کە گەڵای درەختەکان توانای مژینی دەنگیان بە ڕێژی 35% ی کۆی ئەو دەنگانەیە کە بەو ناوەندەدا تێپەڕ دەبێت ، وە ئەم ڕێژەیە دەگاتە 45 % بۆ درەختە چڕەکان ، ئەگەر هەردوو لا تەنیشتی ڕێگاکان بەرزبکرێنەوە و بە درەخت داپۆشرێن ئەوا بە ڕێژەی 40% دەنگەدەنگ کەم دەکەنەوە . (السعيد،2007،ص 205-206)

11- بەکارهێنان و سوود وەرگرتن لە تۆپۆگرافیای گونجاو بۆ کەمکردنەوەی گەیشتنی دەگ بەناوچەکان بەتایبەت ماڵەکان کە نزیکن لە سەرچاوەکانی ژاوەژاوەکە. باشتر وایە ئاستی بونیادنانی بیناکان لەو ئاستەدا بێت کە بکەوێتە ناوچەی سێبەری دەنگەوە تاوەکو کەمترین ئاستی ژاوەژاو بگوازێتەوە

## دەرئەنجام:

1.شاری کۆیە بەهۆی زۆربوونی ژمارەی ئۆتۆمۆبیل و ماتۆرسکی، خراپی تۆڕەکانی ڕێگاوبان و هاتووچۆ خراپی جۆری ئۆتۆمۆبێلەکان و پەیڕەو نەکردنی یاساکانی هاتووچۆ و جیانەکردنەوەی شەقامەکان بە گوێرەی ئۆتۆمۆبێلەکان زیاد بوونی سەرپێچی کردن بۆتە هۆی نانەوە و سەرهەڵدانی پیسبوونی ژاوەژاو لە سەتنەری شارەکە. ئەمە جگەلەوەی کە ناوچەکە خۆی ناوچەیەکی زورگە کاریگەری هەیە لەسەر ژاوەژاوە

2. ئاستی کوالیتی پیسبوون بەژاوەژاو ناوچەی شارو بازرگانی بەشێوەیەکی گشتی نەشیاو و مەترسیدارن، لەناوچەی نیشتەجێ بوون کوالیتێکی پەسەندیان هەیە بۆ مانەوە و هەندێك کات بەجۆرێك هەندێك شوێن کە نزیکن لە شەقامە سەرەکییەکانەوە تەنها نەشیاون لە رووی کوالێتەوە. سەبارەت بە شوێنی زانکۆ و پەیمانگەکان و کوالیتی ئاستی پیسبوونی تەنها لە ئاستی پەسەند دایە لە کاتەکانی ڕۆژ و شەودا.

3. ئاسایی ئاستی ژاوەژاوی لەکاتی دەوامی ئاسایی بەرزە بەتایبەت لەکاتی بەیانیان و لەسەنتەری بازرگانی ئاستی ژاوەژاوە دەگاتە ( 87) دیسبڵ لە(٥خولك)و 91دیسبڵ لە(١٠)خولەک. ، سەبارەت بە ئێواران دووبارە بەرزترین ئاستی دیسبڵ لە ناوچەی بازرگانی تۆمارکراوە لەماوەی(٥خولەک) (86) دیسبڵ بووە نزمترین ئاستیشی لەماوەی (٥) خولەک ٧٤ دیسبڵ بووە، هەروەها ناوچەی فێرکاری بەرزترین دیسەبڵ لە (5) خولەك (79) دیسەبڵ و لەکاتێکدا ناوچەی نیشتەجێبوون (70) دیسەبڵە لەکاتی دەوامی ئاسایی لەکاتی بەیانی.

5- لەرووی تەندروستییەوە ئاستەکانی پیسبوون لەو ئاستانەدا کە کاریگەری دەروونی و جەستەیی لەسەر تاکەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە دروست دەکەن

6-لە تەواوی ناوچەکانی ئێمە کە نموونەکانی تیادا وەرگیراوە، کەمترین ئاست ( 65) دیسەبڵ لەناوچەی فێرکاری و بەرزترین ئاست (80) دیسەبڵ لە ناوچەی بازرگانی. واتە لە کەمترین کاریگەرییەوە لەسەر هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا هەیەتی هەتا دەگاتە کاریگەرییەکانی لەسەر چالاکیەکانی دڵ و دەمار

7-زۆری ژمارەی ئۆتومبیڵ بە هەموو جۆرەکانیەوە بە بەراورد لەگەڵ ڕووبەرو شەقامەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە کە بۆتە هۆی دروست کردنی قەرەباڵغی و سەرهەڵدانی ژاوەژاو و لە دەستدانی ئارامی لەلایەن شۆفێرەکاندا بەتایبەت لەکاتی چونیان بۆ سەر کار کاتژمێر(8 تا 9) بەیانیان، کاتی گەرانەوەیان کاتژمێر(2-3) نیوەڕۆ

## راسپاردەکان

بە پشت بەستن بە دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکە توێژینەوەکە ئەم ڕاسپاردانە دەخاتە ڕوو:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1.باشکردنی تۆڕەکانی ڕێگاو بان و فراوانکردنیان و جیاکردنەوەی ڕێگاو بانەکان بە گوێرەی ئۆتۆمبێلەکان،و زیادکردنی ژمارەی شۆڵدەرەکان لە شەقامە سەرەکیەکان بۆ کەمکردنەوەی قەرەباڵغی، هەروەها زیادکردنی لقی شەقام لە شەقامە سەرەکیەکان بۆ نموونە چەندین ڕێگا دروست بکرێت بۆ بەستنەوەی بەشە جیاجیاکانی شار.

2.زیادکردنی ڕووبەری سەوزای بە دەوری شارەکە، هەروەها زیاد کردنی رووپۆشی رووەکی دەوری یەکەکانی نیشتەجێ بوون.

3.باشکردنی جۆری ئۆتۆمۆبێلەکان و دەستەبەرکردنی مەرجی توندو تۆڵی و سەلامەتی.

4.رێگەنەدان بە ئۆتۆمبێلی گەورە بە شەقامەکانی سەنتەری شار و گواستنەوەیان بۆ دەوروبەری شارەکە. هەروەها سزادانی کەسانێك کە بەبێ هۆ هۆڕن لێ دەدەن.

5. بڵاوکردنەوەی هوشیارکردنەوەی ژینگەیی لەنێو هەموو چین و توێژەکاندا بەمەبەستی پاراستنی ژینگە لە پیسبوون بە ژاوەژاو، لە ڕێگای گۆڤار و ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن تاوەکو بتوانرێت لەو ڕێگاییەوە مەترسیەکانی ژاوەژاو و لەسەر لایەنی تەندروستیان بۆ باسبکرێت و شیبکرێتەوە.

6.دەرکرنی یاسای تایبەت بۆ کەمکردنەوەی پیسبوون بە دەنگ و لێپێچینەوە و سزادانی ئەو کەس و لایانانەی کە هۆکاری پیسبوونن بە دەنگ.

## سەرچاوە کوردیەکان:

1.ئازاد نەقشبەندی، جوگرافیای ژینگە، چ1، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، 2017.

1. کامران تاهیر سەعید، کۆیە لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای هەرێمی، چا، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، 2009.
2. صديق شێخ محمود بەرزنجی، کاریگەری مرۆڤ لە ژینگە پیسکردندا، چاپخانەی زانکۆی صلاح الدين، چاپی یەکەم، هەولێر،2001.
3. موحەمەد ئەلسەید عەجورە، پیسبوونی ژینگەو جۆرەکانی، و:ئەحمد علی ئەحمد، چا، چاپخانەی کمال، هەولێر، 2014.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4. محمد عبدالعزيز علاوى، ئینسکلۆپیدیای جوگرافیا، و:بەرزان ئەمین ئەحمەد، چ1، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، 2008.
5. موحەمەد مەحمود سولەیمان، جوگرافیاو ژینگە، و:ئاسۆ وەهاب و ڕزگار فایەق، چاپخانەی چوارچرا ،سلێمانی ، 2013
6. هاشم یاسین حمدامین، و ئەوانی تر، ئەتلەسی هەرێمی کوردستانی عێراق و جیهان، کۆمپانیای تێنوس و بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری، هەولێر

2-دامەزراوە حکومییەکان
1.حکومەتی هەرێمی کوردستان، هزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەرێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆی کۆیە، بەشی ئامار، داتای بڵاونەکراوە، 2019.
2.حکومەتی هەرێمی کوردستان، هزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، دەستەی ژینگەی هەولێر، بەشی ئامار، 2019.

1 - كتيب
1. سامح غرايبة و يحيى الفرحان، المدخل الى العلوم البئية ،ط1، دار الاشروق، عمان، 1991.
2. سونيا ارزروني وارتان و ياسمين نجم عبدالله، تلوث ضوضاء في محافظة البصرة(مصادر،اثارة، معالجتة)،ط1، مطبعة جهود، بصرة، 2001.
3. راتب سعود الانسان والبيئة (دارالحامد للنشر و التوزيع) , عمان,2007
4.حسن أحمد شحاتة , التلوث البيئة .. السلوكايات الخاطئة – مكتبة الدار العربية للكتاب ,2000م.
5.سحر امين حسين ، المشروع التلوث البيئية ،دارحامد للنشر و التوزيع.2001
6.حسن أحمد شحاتة , التلوث الضوضائى , واقاعة التنمية , مكتبة الدار العربيةالعربية للطباعة والنشر، للكتاب, ,طبعة الاول, مصر 2004
7.مصطفى عبد اللطيف عباس , حماية البيئة من التلوث , الأسكندرية ,2004
8.حمد محمد السعيد، تلوث البيئة و سبل المواجهة، دار الوفاء لدنيا الطباعة و النشر،الاسكندرية،2007 .

2-رسائل اطروحة
1- شكرى ابراهيم الحسن، التلوث البيئي في مدينة البصرة ، اطرةحة دكتورة مقدمة الي مجلسة كلية الاداب، الجغرافية، جامعة البصرة، 2011.

3-گۆڤاری زانستی بەزمانی عەرەبی:
1سعدى علي غالب، (دور حركة الوافيدين على الطريق معبدة في تنمية المراكز الحضرية في شمال عراق)، مجلة الجغرافية، عدد 12، كلية العلوم الانسانية، جامعة موصل، موصل، ئۆکتۆبەر، 1981.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2.ممدوح سلامة مرسى، (ضوضاء مرض العصر، مجلة اسيوط الدراسات البيئية)، عدد36، كلية العلوم، جامعة بغداد، بغداد، كانون الثانى، 2012.
3. سنور أحمد رسول، (الضوضاء في مدينة اربيل مصادره وسبل معالجته)، طؤظارى زانستة مرؤظايةتييةكان، ذمارة(44)، زانكؤى سةلاحةددين، هةولێر، ئؤكتؤبةرى 2010.
4.غفران فاروق جمعة،تقيم التلوث بالضوضاء في بعض مدارس مدينة بغداد، مجلة الهندسية والتكنولوجيا، المجلد 28، العدد، 2010
5.حسين موسي حسين الشمرى، مني جابرمحمدعلي، دراسة تاثير الضوضائي علي البيئة العراقية، دراسة ميدانية في مدينة النجف الاشرف، مجلة اداب الكوفة، العدد (4) 2009،
6.علياء حاتوغ – بوران و محمد حمدان أبو دية , علم البيئة. ( الطبعة الثانية , عمان , 2009 ,
حسين شاكر محمود البحراني , دراسة حقلية عن أهم مصادر الضوضاءفي الأحياء السكنية لمدينتي النجف و الكوفة , مجلة القادسية للعلوم الهندسية . المجلد ( 2 ) , العدد ( 4 ) , 2009 .
7.حسين شاكر محمود البحراني، دراسة حقلية عن اهم مصادر التلوث الضوضائي في الحياء السكنية لمدينتي النجف والكوفة، مجلة القادسية للعلوم الهندسية، مجلد2، العدد2009،

1سەرچاوەی ئەلکترۆنی:

ڕێكةوتي 3-11-2019 www.google.com.imagenoise

http://www.zhenga.net/zhengapage.php?id=440&type=babat\

## The Effects of Transportation Modes on Noise Pollution in Koya City

**Asst. Lect. Hoshmand Jawhar Abbas**
Department of Social Science, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region - Iraq
hoshmand.abbas@su.edu.krd

**Asst. Prof. Dr. Serwan Arab Sadiq**
Department of Social Science, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region - Iraq
serwan.sadiq@su.edu.krd

**Assist.Prof.Dr. Hamed Abdulla Salih**

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Department of Social Science, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region - Iraq
hamed.salih@su.edu.krd

**Asst. Lect Sangar Ahmed Hussein**
Department of Social Science, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region - Iraq
sangar.hussein@su.edu.krd

**Abstract**

Transportation means including all kinds are considered the major and most dangerous source of noise since, on the one hand, they have highest contribution rate in causing noises, and on the other hand, they affect a great number of city inhabitants. Transportation means also has an immediate influence on the peacefulness and living balance amongst people because unnatural sounds creates noise and this causes psychological unrest and ruins the surrounding peace.

The study problem is the existence of sound pollution in the selected area of the research which are caused by a number of seen and unseen sources. These sources have to be unveiled pointed to. Solving these problems scientifically and practically is of great benefit for the area.

The main aim of this study is to identify the sound pollution sources in the city of Koya and its effects. The study also aims at proposing the best solution possible. Raising the awareness of people to protect the environment, following standard procedures, reducing pollution due to noises, and identifying noise sources.

**Research plan**

The aim of the study requires dividing the study into three sections. Section one refers to the theoretical outline of the area under study which includes three themes. The first theme discusses the technical terms and concepts, second theme deals with the major sound pollution sources, and the third one is dedicated to introducing the area of the study. While in section two we have analyzed the time distribution of the noises and their sources in Koya city. This section also have three themes, the first one id

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

devoted to the place of the noise, the second one presents noise time distribution, and the last one light is shed on consequences and solutions of the noises.

## الملخص

تعتبر وسائل النقل بما في ذلك جميع الأنواع المصدر الرئيسي والأكثر خطورة للضوضاء لأنها ، من ناحية ، لها أعلى نسبة مساهمة في إحداث ضوضاء ، ومن ناحية أخرى ، تؤثر على عدد كبير من سكان المدينة. كما أن لوسائل النقل تأثير مباشر على الهدوء والتوازن المعيشي بين الناس لأن الأصوات غير الطبيعية تخلق ضوضاء وهذا يسبب اضطرابات نفسية ويدمر السلام المحيط.

تكمن مشكلة الدراسة في وجود تلوث صوتي في المنطقة المختارة من البحث ناتج عن عدد من المصادر المرئية وغير المرئية. يجب الكشف عن هذه المصادر وأشار إليها. إن حل هذه المشكلات علميًا وعمليًا له فائدة كبيرة للمنطقة.

الهدف الرئيسي من هذه الدراسة هو التعرف على مصادر التلوث الصوتي في مدينة كويه وآثاره. كما تهدف الدراسة إلى اقتراح أفضل حل ممكن. توعية الناس لحماية البيئة باتباع الإجراءات المعيارية والحد من التلوث الناتج عن الضوضاء وتحديد مصادر الضوضاء.

خطة البحث

الهدف من الدراسة يتطلب تقسيم الدراسة إلى ثلاثة أقسام. يشير القسم الأول إلى المخطط النظري للمنطقة قيد الدراسة والذي يتضمن ثلاثة محاور. يناقش المحور الأول المصطلحات والمفاهيم الفنية ، أما المحور الثاني فيتناول مصادر التلوث الصوتي الرئيسية ، أما المحور الثالث فهو مخصص للتعريف بمجال الدراسة. بينما في القسم الثاني قمنا بتحليل التوزيع الزمني للضوضاء ومصادرها في مدينة كويا. يحتوي هذا القسم أيضًا على ثلاثة موضوعات ، المعرّف الأول مخصص لمكان الضوضاء ، والثاني يعرض توزيع وقت الضوضاء ، والأخير يُسلط الضوء على عواقب الضوضاء وحلولها.